# گەر نەمنوسیایە شێت دەبووم

## گفتوگۆ لەگەڵ محەمەد شوکری

وەرگێڕانی: شوان ئەحمەد

باران



محەمەد شوکری ساڵی 1935 لەناوچەی ڕیف لەباکوری مەغریب، لە پارێزگای (الناظور) لەگوندی بەنی شیکر نزیك شاری تەتوان لەدایکبووە.

ساڵی 1942 لەگەڵ خانەوادەکەیدا ڕوودەکەنە تەنجە. باوکی سەربازێکی هەڵاتوی ڕیزەکانی سوپای ئیسپانی بوو، سەوەختێك ئیخباری دەکرێت، دەگیرێت و بۆماوەی دوو ساڵ لە تەنجە زیندانی دەکرێت. دوای ئەوەش بێ کار و کاسبی دەمینێتەوەو سەردەکاتە سەر خواردنەوە و قومارکردن.

بەناچاری و بۆ خاتری پەیداکردنی قوتی ڕۆژانەی منداڵەکانی، دایکی لە بازاڕەکانی تەنجەدا دەست دەکات بەسەوزە و میوەفرۆشی.

محەمەد شوکری منداڵی و مێرد منداڵی، بەنە خوێندەواری و وێڵگەردی لە گەڕەکەکانی (سوق الداخل و القصبە و الحواری) تەنجەی کۆندا بەسەردەبات و دەبێتە هاوڕێ و هاوشانی کەسانی، مەیخۆر و حەشیشە کێش و شەو گەڕەکان. لەوماوەیەدا هەم ڕۆژنامە فرۆشی و هەم کاری شاگردی چایخانە و چێشتخانەکان دەکات.

ساڵی 1956 و دوای ئەوەی مەغریب سەربەخۆیی بەدەستدێنێت، هەلی خوێندنی لە شاری عەرائیش (باکوری مەغریب) بۆ هەڵدەکەوێت و چوار ساڵ و چەند مانگێك دەخوێنێت، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ تەنجە و لە خوێندنگەیەکی ئەوێدا، دەبێتە مامۆستا. وانەی عەرەبی و شیسپانی دەڵێتەوە و بەفەرەنسیەکی ڕون و ڕەوان قسەدەکات، ئەگەرچی لەو چوار ساڵەی خوێندنیشیدا فەرەنسی نەخوێندبوو. ساڵی 1966 دەست بەبڵاوکردنەوەی نوسینەکانی دەکات.

نانی ڕووت، یەکەم ڕۆمانە کەنوسیبێتی و هەر ئەو ڕۆمانەش، لەسەر ئاستێکی بەرفراوان ناوبانگی بۆ پەیداکرد. نانی ڕووت یەکەمجار ساڵی 1973 بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکراوەتەوەو نوسەری ئەمریکی پۆڵ بۆڵز کاری وەرگێڕانەکەی کردووە.

پاشان ساڵی 1980 تاهیر بن جەلۆن کردویەتی بەفەرەنسی و ساڵی 1982 چاپە عەرەبیەکەی بڵاوکراوەتەوە. تا ئێستا بۆ نزیکەی چل زمانی









جیهانی وەرگێڕدراوە لەسەرەتای هەشتاکانەوە خۆی بۆ نوسین تەرخاندەکات و هیچ کارێکی دیکە ناکات.

جگە لە نانی ڕووت خاوەنی کۆمەڵێك تێکستی ئەدەبی ناوازەی دیکەیە. تا لە ژیاندا مابوو هاوسەرگیری نەکرد و سەڵت و قووت مایەوە. لە 2003/11/16 بە نەخۆشی شێرپەنجە و لەتەمەنی 68 ساڵیدا لە نەخۆشخانەی سەربازی (ڕەبات) سەرینایەوەو ماڵئاوایی لە ژیانکرد.

***زۆرجار باست لەوەکردووە کە بڕیارتداوە ببیت بە نوسەر و (نوسەرێکی زۆر گەورەش). مرۆڤ چۆن دەتوانێت ببێت بە نوسەر؟**

-بەنەخوێندەواری گەورەبووم و دەرەنگ وەختێ فێری نوسین و خوێندنەوەبووم. پێمخۆشە ئەوەی فێریبووم و ئەزمونم کردووە، بیگوازمەوە بۆ ئەوانی دیکە. ئەڵبەت زەحمەتە نەخوێندەوارێکی دیکە، هەمان ئەو ڕێگایە بگرێتەبەر کە من پێیداڕۆیشتم. من لە ژیانی خۆمدا لە هاوڕێ




خوێندکارەکانم زیاتر شت فێربووم، وەك لەوەی لە مامۆستاکانمەوە فێربووم. دەبوو لەنێوان دووشتدا یەکێکیان هەڵبژێرم، یان ببمە چاغ چی، یاخود بخوێنم. من دووەمیان هەڵبژاردو کە ئەو بڕیارەشمدا، تەمەنم بیست ساڵان بوو. سێ شت هەبوو دەبوو بیانکەم.

یەکەم: لەوتەمەنەدا خۆم فێری نوسین و خوێندنەوەبکەم.

دووەم: هەوڵبدەم لەو دۆخە کۆمەڵایەتیە بێمەدەرێ کە سەر شکاو و گەردن کەچی کردبووم.

سێیەم: بتوانم لەڕێی نوسینەوە ژیانم بگۆڕم و خۆم بگەیەنمە ئاستێکی بەرزتر.

کەمنداڵ بووم لە کونە گورگێکدا دەژیام و مشکەکان دەیانویست لە خواردنەکەمدا برابەشم بن. لەگەڵ قالۆنچە و مارمیلکە و مشك و جرجدا دەژیام.

لە تەتوان ئامشۆ و ڕۆتی قاوەخانی (کۆنتینتال)م دەکرد، لەوێ پیاوێکی بەڕێز و شیك پۆشم دەبینی کە هەموان بەڕێزەوە هەڵسوکەوتیان لەگەڵدا دەکرد. هەوڵمدا بزانم ئەو زەلامە کێیە، واهەموان ڕێزی لێدەگرن. پێیان وتم: (ئەوە محەمەد سەباغی نوسەرە).. نوسەرێکی گەورەی ئەوکاتەبوو.

لەدڵی خۆمدا وتم: (ئەم کەسە توانیویەتی لەڕێی نوسینەوە ببێتە کارەکتەرێکی گرنگ و منیش دەمەوێت، بەناوبانگ بم و پێگەیەکی کۆمەڵایەتی شایستەم هەبێت). بەو جۆرە بڕیارمدا ببمە نوسەر.

دەقێکم نوسی بردم بۆلای ئەو نوسەرە (محەمەد سەباغ) و پێیوتم: (شێوازی نوسینت نوقسانە، بەڵام دەربڕینەکانت لەجێی خۆیاندان.. بەردەوام بە لە نوسین). ژیانی ئەدەبیم بەو جۆرە دەستی پێکرد.

دوای ئەوە بۆم دەرکەوت، نوسین دەتوانێت ببێتە ئامرازێك، بۆ بەگژاچونەوەی ئەوانەی منداڵی و مێردمنداڵی و بەشێك لە هەرزەکاریان لێدزیم. لەوە بەدوا ئیدی بە بەردەوامی دەستمدایە نوسین و دوای ئەوەش بڕیارمدا، خۆم تەرخانبکەم بۆ نوسین. لەماوەی یەك مانگدا 265 لاپەڕەم لە

کتێبی (سەردەمی هەڵەکان) نوسی.

من دوو ژیاننامەم هەیە: (ژیاننامەی مرۆڤێکی نەخوێندەوار) و (ژیاننامەی کەسێك کەخۆی فێری خوێندنەوە و نوسین کرد).

***چۆن دەست بەنوسین دەکەیت؟**

-سەرەتا لەدۆخێکی ورێنە ئاسا، لە مێشکمدا دەنوسم، پاشان تێکستەکە دەگوازمەوە سەرکاغەز. لە نوسیندا زۆر بە بەرنامە نیم وەك: (ئەلبێر کامۆ ، فیکتۆر هۆگۆ ، تاهیربن جەلۆن). وەك ئاشکرایە ئەوانە بەیانیان هەڵدەستن و دەست بەنوسین دەکەن، ئەوەش لەگەڵ شێوازی ژیانی مندا ناکۆکە.

من لە کوچە و کۆڵانەکاندا گەورەبووم و هەرگیز دامەزرا و نەبووم. ئەمرۆش کە ماڵێکم هەیەو تێیدا دەژیم، تەنها بۆ ئەوەیە کاسێتە مۆسیقیەکانم و کتێب و لاپەڕەکانمی تێدا بپارێزم.

پێشتر ژیانی ڕۆژانەم لەبار و گازینۆ و چێشتخانە هەرزان بەهاکاندا، بەڕێدەکرد. سەروەختێك دەنوسم، ئەوا داکۆکی لە چینە کۆمەڵایەتیەکەم دەکەم، داکۆکی لە پەراوێزخراوەکان دەکەم. هاوکات تۆڵە لەو قۆناغەش دەکەمەوە، کە هەر هەمووی نەهامەتی و سەرشۆڕی و بەدبەختی بوو.

دۆخی من تا ڕادەیەکی زۆر تایبەت و ئاورتەیە. هیچم نییە لەدەستی بدەم و کەسێکی خوا پێداونیم. من محەمەد شوکریم، بەرگری لەوانەدەکەم کە مێژوی فەرمی وێڵی کردون. لەبارەی گوم ناو و پەراوێزخراو و وێڵگەردەکانەوە دەنوسم.

***کەواتە تۆ تەنها دەربارەی خۆت نانوسیت؟**

-سەروەختێك لەبارەی منداڵیمەوە دەنوسم، هەرتەنها باسی منداڵی خۆم ناکەم، بەڵکو لەبارەی منداڵانی دیکەوە دەنوسم کەوەك من وان. دۆخی من گوزارشتە لەچەندین منداڵی دیکە، بۆیە ویستومە هەموو ئەوانە چڕبکەمەوە و لەمنداڵێکدا کۆیان بکەمەوە.

لەمیانەی پیاوەتیەوە دەربارەی منداڵی نوسیومەو بڕێکی زۆر لە خەیاڵدانی خۆم، تێکەڵ بەنوسینەوەی ژیانی منداڵیم کردووە و هەوڵمداوە



پێگەیەك بدەمە ئەو منداڵیە دزراوەی، خوێن مژەکان کەوتنە گیانی.

***هەمیشە جەخت لەوە دەکەیتەوە کەنوسەرێکی تەنجەییت، نەک نوسەرێکی مەغریبی بیت...**

-بەڵێ من نوسەرێکم لەتەنجەو نوسەرێکی مەغریبی نیم. وەك تۆریستێك دەچمە ناوچەکانی دیکە بۆکات بەسەربردن سەردانی (فاس و ڕەبات و دار بەیزا) دەکەم، بەڵام لەتەنجە چێژ لە پەیوەندی گەرم و گوڕم لەگەڵ کەسەکان و شوێنەکاندا وەردەگرم. وەك چۆن لە هاوسەرگیری کاتۆلیکیدا دەتوانیت جیاببیتەوە، وەلێ بۆت نییە تەڵاقی بدەیت، منیش ناتوانم تەنجە تەڵاق بدەم.

من ئاشقی ئەوشارەم و بەردەوام پاساو و بەهانەیەك دەدۆزمەوە، تا بگەڕێمەوە بۆلای. زۆر جارانیش گەڕانەوەکەم، بەشێوەیەکی ناخود ئاگایانەیە. هەر نوسەرە و شاری خۆی هەیە: (ئەلبرتۆ مۆرافیا ڕۆما و نەجیب مەحفوز قاهیرە و جاك کیرواك سان فرانسیسکۆ). نوسەر گەلێکی دیکەش هەن خۆیان شاریان بۆخۆیان خوڵقاندووە، وەك: (گابرێل گارسیا مارکیز و ولیەم فۆکنەر).

*** ئایا نوسین وای لێکردی لەگەڵ ڕابردوتدا، ئاشت بیتەوە؟**

-گەرنەم نوسیایە، ئەوا دەبوومە کەسێکی مەست و وێڵگەردو تلیاك کێش و دێوانە. نوسین زۆر یارمەتیدام و من لەڕێی نوسینەوە هەرتەنها باسی خۆم ناکەم، بەڵکو گوزارشت لەتەواوی چینێك دەکەم. هەرکەسە و لەپێگەی خۆیەوە دەنوسێت.

هەندێك نوسەر هەبوون دڵخوازی چینێك بوون، کە خۆیان سەر بەو چینە نەبوون (وەك ڤیکتۆر هۆگۆ) و ئەوەش بۆخۆی دیماگۆ گیەتە. من دەربارەی گەڕەکەکەی خۆم و ئەو مەڵبەندە دەنوسم کەتێیدا گەورەبووم و چاوم کردەوە.

*** کەواتە بەبۆچونی تۆ، نوسین ئامرازی نایاندن و بەگژاچونەوەیە؟**

-هەمیشە نا. هەندێ جار ئەدەب دەتوانێت بەرگریکردن بێت لەخود و بەگژاچونەوەی ئەوانەبێت، کە لەدۆخێکی نالەباردا، بەتەنگیان هێناین و گەمارۆیان داین.

بەڵام من نوسەرم و پارێزەرنیم و پێویستە هونەری جوان، مافی خۆی بدەینێ. ئەدەب ناتوانێت بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ گۆڕانکاری دروستبکات، بەڵام یارمەتی گۆڕانکاری دەدات. دوای ئەوەی ماندووبووم و لەپەل و پۆکەوتم، دەستبەرداری نوسین بووم و بوومە هاودەمی گازینۆ و مەیخانەکان.

ساڵی 1992 گەڕامەوە لای نوسین، چونکە بڕوام بەوە هەیە کە سەرفرازیم لەنوسینداید و نامەوێت وەك جەستەیەکی بێ ڕۆح بژیم، بۆیە گەڕامەوە سەر نوسین، تا خۆم و کەسانی دیکەش (ئەوانەی هونەری محەمەد شوکری پەسەند دەکەن)، بەوشتانە دڵخۆش کەم کەدەیانوسم.

من لافی ئەوە لێنادەم و ناڵێم، هەموو کەسێك نوسینەکانی منی بەدڵە. لەتەنجە خەڵکانێك هەن پێیانوایە، من خۆم بە بیانییەکان دەفرۆشم. جارێکیان یەکێك لەوانە پێیوتم: (تۆ خۆت بەدەرەوە دەفرۆشیت، لەبارەی شتە قێزەونەکانەوە دەنوسێت و وڵاتە جوانەکەمان پیسدەکەیت. باس لە شتگەلێك دەکەیت کەناشێت باس بکرێن. تۆ خوێڕی و هیچ و پوچیت).

*** پەشیماننیت لەو ژیانەی پڕبوو لە نەهامەتی و دەردەسەری؟**

-نا پەشیمان نیم. من ئەو ژیانەم گۆڕی بۆ تێکستگەلێکی هونەری ئاست بەرز. بە بەڕوای من واقیع تەنها لەڕێی نوسین و لەڕێی ئەفراندن و هونەرەوە ڕێك دەبێتەوە.

لای خۆمەوە هەوڵمداوە هەندێك (نەك هەموو)، لە ئەزموونی ژیانی خۆم بگوازمەوە بۆ خوێنەران. نوسین ئەو ئامرازەیە دەسگیرۆیم دەکات بۆئەوەی، لەژیان و ئەفراندن بەردەوام بم.

